# ئێمەلەبەتاڵیدا دەمرین
# چاوپێکەوتن لەگەڵ مارگرێت دوراسدا.

و.لەفەرەنسییەوە ئێوارە عەلی

*سەنکلێر دیمۆنتێس:* خانم دوراس، بێ هیچ گومانێک لەلای ئێوە خولیایەکی قوڵ هەیە بۆ نوسین،بەڵام لەم خولیادا، کامەیە خاڵی بەجێهێنانی ئەرکو گرنگییەتی ئەوبەشەی پەیوەستە بەخودی نوسینەوە؟بەزاراوە یەکی دیکە، پێتان وایە کەنوسین مانایەک ئەبەخشێت بەژیانی ئێوە، یاخود دەتوانێت مانایەک ببەخشێت بە خودی ژیان خۆی؟

*مارگرێت دوراس:* پێش هەموو شتێک ئەرک وشەیەکە من خۆشم ناوێت، دواجار نوسین و ژیانیش هەردوکیان هەن لەگەڵ قێزەونی و، ناحەقییەکانیاندا. هەم ژیان و هەم نوسینیش ناتوانن بەسراوەبن بەشەرتێک کە خودی نوسین بوبێت بەکارەساتێک لەژیاندا،نوسینی شتەمادییەکان ناکرێت جیاوازبێت بۆئەوەی پێشبینی ئەدەبی پێبکرێت. نوسینی ڕۆمانێک، واتە نوسینەوەی حیکایەتی دونیایەک کەدەتوانێت هەبێت،منیش دونیادەکەمە حیکایەتێکی ئاسایی و کورت. ئەمەهەمان ڕۆشنبیری گێڕانەوەی ژیانی لۆلە بۆنمونە. هەربۆیە وشەی ئەرک بونی نییە لای من.ئەرکێک بۆنوسەر نییە، تەنهانوسینێک هەیە،کەپاڵ بە ژنێک یان بەپیاوێکەوە دەنێت بۆوەرگرتنی هەڵوێست لەسەیرکردنی واقیع دا.

*سەنکلێر دیمۆنتێس:* نوسین کە بڕیاردانە لەسەر وەرگرتنی هەڵوێستێک.هەروەها ئیختیاری گێڕانەوەی زوتری شتێکە کەناگێڕرێتەوە،کەواتە دەبێت بڕیارلەسەر گێڕانەوەی بدرێت وانییە؟

*مارگرێت دوراس:* بەهەندێک شێوە بەڵێ،بەڵام گێڕانەوەی حیکایەتێک زۆرجار لەدەرەوەی هەڵبژاردندایە.بەبۆچونێک ئێمەهەڵی نابژێرین ببینە نوسەر ڕۆژێک خۆی هار وادێت.

*سەنکلێر دیمۆنتێس:* ئەی ئێوە چۆن بوون بەنوسەر؟

*مارگرێت دوراس:* بێگومان ترسی زۆرم لەمنداڵی کەلە کتێبی ئاماندا گوتومە،ئەم ترسە لەبراگەورەکەم و لەشێتێتی دایکم وایان لێکردم بنوسم،گۆڕانی هەستەکان بەبەرد ڕوبەڕوی ترس یان هێزێکی دیکە،دۆزینەوەی بەلێشاوی بورکانێک یان خراپتر لەژێر ڕوخساری ئارامی نائامادەگی دایکێکدا، سەهۆڵێکی پتەو کەبەهیچ شێوازێک ناجوڵێت بەڵام قیژەبەئێوە دەکات هاوارتان پێدەکات لەترسدا. نوسین تەنها شتێکی کرد لەبەرزایی ئەم کارەساتەدا بەمنداڵی.

*سەنکلێر دیمۆنتێس:* ئێوە ئامانتان بۆ پاڕانەوە نوسی.هەرچەندە بێلایەنیش شپرزەییەکە، وەژیانێکی زەحمەتە بەڵام دەتوانین بڵێین ئەوەندەی هەرکەسێک بۆنوسراوەکانتان،کە نوسینیش جۆرێکەبۆبردنەوەلەژیاندا؟

*مارگرێت دوراس:* نا نوسین شێوەیەک نییە بۆبردنەوەلە ژیاندا،زۆر بەسادەیی ئەمە جۆرێکی ژیانە ،هەموو کەسێک ناتوانێت بنوسێت و کاری ئەدەبی بکات، ئەم ژیانە بۆهەموو کەسێک نییە.لەبەر ئەوە هەندێک بەڕاستی دەمرن، ئەدەب جۆرێکە لەمردن بەزوویی،مردنێک بۆخۆی.

*سەنکلێر دیمۆنتێس:* ئێمە لەکوێدادەمرین؟چی لەدوای مردن دەمێنێتەوە؟

*مارگرێت دوراس:* بێگومان ئێمە بەئاگرێکی بچکۆلەدەمرین،ئێمە دەمرین وەکو من بەهەبوونی نوسین،تەنیا نوسین و خواردنەوەی زۆر وادەکەن ئینسان بمرێت.خواردنەوە بەدەست هێنانی موڵکی مردنە وەکوخۆی ،وە بڕیاردانە بۆخزمەت کردنی خۆت ئەتەوێت یان نا.بەڵام نابێت جیاوازی بکرێت لەنێوان ڕۆمان و ئارەقدا،جیاوازییەکی تێدانییە.ئەوەی کەلەدوای مردن دەمێنێتەوە تەنها کتێبێکەکە هەرگیز نایناسینەوە،کەهەرگیز ناگەڕێتەوە بۆئێمە،لەکاتێکدا دەتوانین لەگەڵ خۆشبەختیدا بیخوێنینەوە یان لەگەڵ قێزەونیدا.بەڵام لەسەروهەموویەوە کتێب هەرگیز هی ئێمەنییە،ئەو واز لەئێمەدێنێت هەرکە وشەی کۆتایی وترا، هەرکە بیر لەوشەی کۆتایی کرایەوە،کەواتە هەرگیز کاری ئێمەنییە، ئەمەئەگەڕێتەوە بۆخوێنەر، خوێنەرە کە یەکلایی دەکاتەوە. ئێمە لەبەتاڵیدا دەمرین.

*سەنکلێر دیمۆنتێس:* ئەم نوسەرە کۆتایی هات، ئێوە کارەکەتان داوەتەدەستی ڕەخنە.چۆن بەرەنگی ئەم ڕەخنەیە ئەدەنەوە؟

*مارگرێت دوراس:* ڕەخنەم زۆر بەلاوە گرنگ نییە،وەک ئەوەی هەندێک ڕەخنە بەمنیان گووت کەئامانم بۆ دەرچون نوسیوە لەیانەیەکی سێلێکت،لەنوسینێکی ئاشکرادا تەنها بۆهەندێک، کاتێک لاکان لە لۆلدا دۆزرایەوە ڤ،ستان هەندێک لە تیۆرییەکانی بەجێهێنا،من بەتەنها مامەوە، بەهیچ شێوەیەک بەخۆم نەوت ئاە لاکان پێی وایە کەمن جوانترینم. نا پێویستم بەڕەخنە نیە بۆئەوەی بزانم من نوسەرێکی باشم، بێگومان ئەمە سەرگوزشتەی کریستین ڤیلمانە و گیریگۆری بچکۆلە کەئەم ناکۆکییەی دانا لەبەینی من و ڕەخنەدا، ئەو هەستەی بینی کە نەبوو..من ڕۆشتم بۆگەشتن بەم کردارە جۆراوجۆرە کەژنێک هەوڵ ئەدات تێبگات چۆن ئەتوانن پاکێتی منداڵەکەی بکوژین. ڕەنگە چونکە من هەمیشە هەستم ئەکرد کەدایکم لەمومکینییەتی کوشتنی ئێمەداژیاوە،من و براکانم.

*سەنکلێر دیمۆنتێس:* دواین پرسیار، ئەگەر ڕێگەم بەن.سەبارەت بەپەیوەندی تان بەپیاوەکانەوە.ئێمە زۆر بەدوای ئەم مەسەلەدا چوین چی ڕاستەو چی ناراست؟

*مارگرێت دوراس:* ئەگەر لەسەردەمێکدا بتوانم بڵێم هەموو پیاوەکان مرۆڤ گەلێکی جنسین، گومانی تێدا نییە چونکە من چیرۆکێکی خولیایی ژیام لەگەڵ گەنجێکی جنسیدا، کەهیچ ئارەزوییەکی بۆ من نەبوو ڕاستە من ئەم پیاوەم خۆش دەویست ئەویش منی خۆش دەویست، بەڵام ئەوانی دیکەئەوەندە جوان لەغەریبی ئەم عەلاقەیە تێ تێنەگەشتن ،لەسەرتاپای بەپری. هەمووی لەسەر من وپیاوەکان ڕاستە، شتەدرۆکانیش حەقیقەتن. ئەگەر خەڵکی بەقیزەونییەوە بیریان کردبێتەوە لەشێوەی ڕەفتارکرنم لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کە لەژیانمدا بوون، کەواتە راستە، چونکە بۆچونی ئەوانی تریش ئەوەیە کە ئێمە هەین، ڕۆبێرت ئەنتێلم هەبوو کەشەوو ڕۆژ چاوەڕێی بووم، کەماتڵی گەڕانەوەی ئوردوگاکان بووم ،ئێ ئەمە،کەس ناتوانێت لەبیری کات و ڕەتی بکاتەوە. هەرگیز نەمتوانی دوای گەڕانەوەی خۆشم بوێت ئەبێت لەژاندا بۆتان بگێڕمەوە بۆتێگەیشتنی ئەمە .دوایی دیۆنیس ماسکۆلۆ هەبوو کەمنداڵێکی پێبەخشیم،منداڵەکەم ،ژان، کەڕوناکیمە پیاوێکی تەنهای ڕاستەقینیە لەژیانمدا.

تێبینی:

ئەم چاوپێکەوتنە لەدوای کتێبی [amant] [ئەویندار]دا کراوە بەلام بەداخەوە من نەم توانی بەرواری پرێسیز بزانم. بۆیە داوای لێبوردنی زۆر لەوکەسانەدەکەم کەئەم چاوپێکەوتنە دەخوێننەوە.

وە ئەم هەوڵەش تەنها گرنگیدانە بەکارەکەی کاک هندرێن و ئاشکراکردنی ڕوخساری مارگرێت دوراس بە ڕۆشنبیری کوردی. ڕەنگە باشتربوایە ئەگەر ژیاننامەو ئەرکوهەوڵەکانی تری مارگرێتم وەربگێڕایە بەڵام بەپێویستم نەزانی چونکە لەکتێبی (c'est tout) [ئەمەگشتێتی] لەوەرگێرانی برای بەڕێز کاک هندرێن دا ئەم کارەئەنجام دراوە .

لەکۆتایدا ڕەنگە ئەمە تەنها کارێکی بچکۆلەی منیش بێت بۆخوێنەری عاشق

بەڵام ئەخوازم خوێنەران شتێک لە دوراس نزیکبخاتەوە.